# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە(٥٥) سالّی پێنجەم ٢٠٠٥/٧/١٠ی ز (١٩)ی پوش پەڕ ٢٧٠٥ی کوردی (٤)ی جماد الثاني ١٤٢٦ی کۆچی

## لەم ژمارەیەدا :

55


- **یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥** — ل ١
  یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق
- **بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ی پەرلەمان** — ل٨
  هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی
  ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق.
- **بڕیاری ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٥ی پەرلەمان** — ل ٩
  پێکهاتەی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق.
- **بڕیاری ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی پەرلەمان** — ل١٠
  هەڵبژاردنی رێزدار (مسعود مستەفا بارزانی)
  بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق
- **بەیاننامەی ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری** — ل١١
  کردنەوەی دوو بەڕێوەبەرایەتی (کارگێڕی خۆیەتی) و
  (بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خزمەتگوزاریەکان).
- **بەیاننامەی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی ناوخۆ** — ل١١
  بەستنەوەی چەند گوندێك بە ناحیەی رزگاریی سەر بە قەزای خەبات.
- **بەیاننامەی ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی داد** — ل١٢
  کردنەوەی فەرمانگەی دووەمی دادنووسی هەولێر.
- **بەیاننامەی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی دارایی و ئابوری** — ل١٢
  جیاکردنەوەی جێگرایەتی گومرگی زاخۆ لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی
  ئیبراهیم خەلیل و کردنی بە بەڕێوەبەرایەتی .
- **بەیاننامەی ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی داد** — ل١٣
  کردنەوەی دادگای بەرایی رەواندوز لەناوەندی ناحیەی رەواندوز.
- **بەیاننامەی ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی دارایی و ئابوری** — ل١٣
  کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەرێم.
- **بەیاننامەی ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری** — ل١٤
  کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ئاکرێ) لەجیاتی (لقی کشتوکاڵی ئاکرێ).
- **بەیاننامەی ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی داد** — ل١٤
  - ووچانی دادگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.
- **رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی٢٠٠٥ی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** — ل١٦
  رێنماییەکانی هاوکاری کردنی پرۆژەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی.


www.geocities.com/waqaea
e.mail: waqaea@yahoo.com

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان


الجريدة الرسمية لحكومة أقليم كوردستان العراق – تصدرها وزارة العدل

العدد (٥٥) السنة الخامسة ١٠/٧/ ٢٠٠٥م (١٩) پوشپەر ٢٧٠٥ ك (٤) جماد الثاني ١٤٢٦ هـ


## في هذا العدد


- قانون رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ ص١٨
  **قانون رئاسة اقليم كوردستان ـ العراق**
- قرار برلمان كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ ص٢٣
  **انتخاب رئيس وأعضاء هيئة رئاسة المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق.**
- قرار برلمان كوردستان رقم (٢) لسنة ٢٠٠٥ ص٢٤
  **تشكيلة لجنة الشؤون القانونية لمجلس الوطني كوردستان ـ العراق.**
- قرار برلمان كوردستان رقم (٣) لسنة ٢٠٠٥ ص٢٥
  **انتخاب السيد مسعود مصطفى البارزاني رئيساً لاقليم كوردستان ـ العراق.**
- تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٠٤ ص٢٦
  **تعليمات الخاص بالقانون رقم (٣٦) لسنة ٢٠٠٤ قانون تقاعد اصحاب الوظائف العليا في اقليم كوردستان**



www.geocities.com/waqaea
e.mail: waqaea@yahoo.com

البدالة (٢٢٣١٨٢٣ _ ٢٢٣١٨٣٦ _ ٢٢٣١٤٣٣)

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی دەرکردە: ١**

**رۆژی دەرکردە: ٢٠٠٥/٦/٨**

پشت بە حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق و، ئەو پرۆژە یاسایەش کە ئەنجومەن لەدانیشتنی ژمارە (٣)ی رۆژی (٢٠٠٥/٦/٧)دا دەنگی پێداوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بە برگە (٣)ی ماددەی (٢)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێماندراوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە (١) ی ساڵی / ٢٠٠٥

## یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

## بەشی یەکەم

## حوکمە گشتییەکان

**ماددەی یەکەم:**

هەرێمی کوردستان ـ عێراق سەرۆکێکی دەبێت بە (سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق) ناو دەبرێ، کە سەرۆکی باڵای راپەڕاندنیشە لە هەرێمدا.

**ماددەی دووەم:**

هاووڵاتیانی کوردستان ـ عێراق، بەدەنگدانێکی گشتی و نهێنی و راستەوخۆ، سەرۆکێ بۆ هەرێم هەڵدەبژێرن کە لەسەر ئاستی ناوخۆو ئاستی دەرەوەش نوێنەرایەتییان دەکاو، بەناویانەوە دەدوێت و، هەماهەنگی لەنێوان دەسەڵاتە فیدرالیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات.

**ماددەی سێیەم:**

(ویلایەتی) سەرۆکی هەرێم بۆ چوارساڵەو، دەشێ بۆ جاری دووەمیش هەڵبژێردرێتەوە.

**ماددەی چوارەم:**

دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەکاتوساتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراقدا ئەنجام دەدرێت بەمەرجێ لەگەڵ حوکمی ماددەی سێیەمی ئەم یاسایە پێچەوانە نەبێ و، لەوماوەیە کەم نەکاتەوە کە بۆی دیار کراوە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

## بەشی دووەم
## مەرجەکانی پاڵێوراوو هەڵبژێر

**ماددەی پێنجەم:**

**مەرجە پاڵێوراو:**

١–تەمەنی لەکاتی هەڵبژاردندا لە (٤٠) چل ساڵ کەمتر نەبێ.

٢–هاوولاّتی و نیشتەجێی کوردستان ـ عێراق بێت.

٣–لەهەموو مافە مەدەنی و سیاسیەکانی بەهرەمەند بێت.

**ماددەی شەشەم:**

دەبـێ هەڵبـژێر ئـەو مەرجانـەی تێـدابێت کـە لەیاسـای هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی نیـشتمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا هاتوون.

## بەشی سێیەم
## پالاّوتن و هەڵبژاردن

**ماددەی حەفتەم:**

١–داوای خۆپالاّوتن، لانی کـەم، پـێش (٣٠) سـی رۆژ لـە وادەی هەڵبژاردنـەکانی ئەنجومـەنی نیـشتمانی کوردسـتان ـ عێـراق، پێـشکەش بـە دەسـتەی بـالاّی سەرپەرشـتی هەڵبژاردنـەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق دەکرێ.

٢–دەبێ دەستەی بالاّ، داوای خۆپالاّوتنەکـە بـەبنبڕی یـەکلا بکاتـەوەو، لـەماوەی (٤) چـوار رۆژدا ـ لەپێشکەشکردنی داواکەوە ـ بلاّوی بکاتەوە.

٣–پـاڵێوراو مـافی خۆیـەتی، لـەماوەی (٧) حـەوت رۆژدا ـ لـەرۆژی دەرچـوونی بڕیـاڕی رەتکردنەوەی داواکەیەوە ـ لەبەر دەمـی دادگـای تـەمیزی هـەرێمی کوردسـتاندا نـاڕەزایی خـۆی نیشان بدات.

٤–دادگا لە ماوەی (٢) دوو رۆژ، لەپێشکەشکردنی ناڕەزاییەکـەوە، بڕیـارێکی بنـبڕی لەسـەر دەردەکاو بلاّوی دەکاتەوەو، پاڵێوراوەکەش لـەرۆژی دەرچـوونی بڕیارەکـەوە بـە پێڕاگەیەنـدراو دادەندرێ.

٥–دەستەی بالاّ لانی کەم (١٥) پازدە رۆژ بـەر لـەوادەی رۆژی هەڵبـژاردن، نـاوی پـاڵێوراوان رادەگەیێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەو پاڵێوراوەی زۆرینەی سادەی دەنگەکان بەدەست بێنێ، بەبراوە دادەندرێ.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## بەشی چوارەم
## ئەرکوفرمان و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم

**ماددەی نۆیەم:**

سەرۆکی هـەرێم، دوای هەڵبـژاردن و، پـێش دەستبەکاربوونی لـە ئـەرك و فەرمانەکانیـدا، لـە مـاوەی (٧) حـەوت رۆژدا ـ لـە رۆژی هەڵبژاردنیـەوە ـ ئـەم سـوێندەی خـوارەوە لەبـەردەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراقدا دەخوات:

(سـوێند بـێ بـەخوای مـەزن، پارێزگـاری لـە مافـەکان و دەسـکەوتەکان و یـەکڕیزی و بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکەم و ئەرکوفرمانەکانم بەدروستی و دڵسۆزی ئەنجام بدەم).

**ماددەی دەیەم:**

سەرۆکی هەرێم ئەم ئەرکوفرمان و دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

یەکەم: ئەم یاسایانەی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێم دایان دەنێت، سـەرۆکی هـەرێم لـەماوەی (١٠) دە رۆژدا لەرۆژی دانانیەوە دەریان دەچوێنێ و، ماف ئەوەشی هەیە (تانە) لە کۆی یاسـاکە یان لە بەشێکی بدات و، رەوانەی ئەنجومەنی بکاتـەوە تـا چـاوی پێدابخـشێنێتەوە، لـەم بـارەدا بڕیاری ئەنجومەن بنبڕە.

دووەم: لەحاڵەتێکـدا ئەنجومـەنی نیـشتمانی هـەرێم هەڵبوەشـێتەوە، یـان مـاوەی خـولی هەڵبژاردنەکـەی کۆتـایی هاتبـێ، سـەرۆکی هـەرێم لـە مـاوەی (١٥) پـازدە رۆژدا فـەرمانێ بـۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی دەردەچوێنێ.

سـێیەم: لـەماوەی (١٠) دە رۆژدا لـەرۆژی راگەیانـدنی ئـەنجامی کۆتـایی هەڵبژاردنەکـەوە، فەرمانی بانگهێشت کردنی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێم بۆ خـولی یەکـەمی کۆبوونـەوەی خـولی هەڵبژاردن دەردەچوێنێ و، ئەگەر بانگهێشتی بۆ دەرنەکرا، ئەوا ئەنجومەن، لەخۆیـەوە لـە رۆژی دوای کۆتایی ماوەکە کۆدەبێتەوە.

چوارەم: لەم حاڵەتانـەی خـوارەوەدا، بەفـەرمانێ ئەنجومـەی نیـشتمانی کوردسـتان ـ عێـراق هەڵدەوەشێنێتەوە:

١–ئەگەر پتر لە نیوەی ئەندامەکانی دەستیان لەکار کێشایەوە.

٢–ئەگـەر لـەماوەی (٤٥) چـل و پێـنج رۆژدا لەبانگهێـشت کردنـی بـۆ کۆبوونـەوەی خـولی هەڵبژاردن، ژمارەی یاسایی ئەندامان بەدەست نەهات.

٣–ئەگەر ئەنجومەن متمانەی بەئەنجومەنی وەزیران، لە سێ پێکهاتەی وەزاری جیاوازی یەك لەدوای یەکدا نەدا.

٤–ئەگەر سیستەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەن گۆڕاو، خولی هەڵبژاردنیش (٦) مانگ یان کەمتری مابوو.

ئــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

پێنجەم: کاتێ هەرێمی کوردستان و سیستەمە سیاسیەکەی، یان ئاسایشی گشتی هەرێم، یان دامودەزگا دەستوورییەکانی بکەونە مەترسییەکی ئەوتۆوە، هەرەشە لەبوونی بکاو، ئەنجومەنی نیشتمانیش نەتوانێ کۆببێتەوە، ئەوە، لەو بارەدا سەرۆکی هەرێم دوای راوێژو رێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمدا بڕیار گەلێ دەردەچوێنێ هێزی یاسایان هەیە بە بەمەرجێ ئەو بڕیارانە، لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمدا بخرێنە بەردەمی. خۆ ئەگەر هاتوو نەخرانە بەردەمی، یان خرانە بەردەمی و ئەنجومەن پەسەندی نەکردن، ئەوا، لەوبارەدا سیفەتی یاساییان نامێنێ.

شەشەم: لێبوردنی تایبەت لە بەندکراوان، بەپێی یاسا.

حەوتەم: پەسەندکردنی حوکمی لەسێدارەدان، یان سووك کردنی بۆ بەندکردنی هەتا هەتا.

هەشتەم: جاڕدانی باری نائاسایی بەپێی یاسایەکی تایبەت.

نۆیەم: لەکاتی پێویستدا بانگهێشتی ئەنجومەنی وەزیران دەکا بۆ کۆبوونەوەیەکی ناچاری و گفتوگۆکردنی پرسگەلێکی دیارکراو کە کۆبوونەوەکەی بۆ دەکرێ، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەش دەکا.

دەیەم: لەکاتی پێویستداو، بە رەزامەندی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێم، رێگە دەدات بەهێزە چەکدارەکانی فیدراڵ بێنە ناو هەرێمەوە.

یازدە: سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە، بەرەزامەندی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق، هێزەکانی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێم بنێرێ.

دوازدەم: دوای ناونانی سەرۆکی وەزیران لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراقەوە، سەرۆکی هەرێم داوای لێ دەکا، وەزارەتەکەی لەماوەی (٣٠) سی رۆژدا ـ لە رۆژی داوا کردنەکەوە، پێك بهێنێ.

سیازدەم: کاتێ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق، ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر لە متمانە دەخات، سەرۆکی هەرێم فەرمانی قبوڵکردنی دەست لەکار کێشانەوەیان دەردەچوێنێ.

چواردەم: فەرمانی قبوڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر دەردەچوێنێ و، داواشیان لێ دەکا لەئەرکوفرمانی خۆیاندا بەردەوام بن تا وەزارەتی نوێ پێك دەهێنرێ.

پازدەم: دامەزراندنی خاوەن پلە تایبەتەکان لەسەر پێشنیازی وەزیری پەیوەندیدارو رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

شازدەم: دامەزراندنی دادوەران و سەرۆك و ئەندامانی ئیدیعای گشتی دوای پاڵاوتنیان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەوە.

حەڤدەم: بەخشینی روتبەی سەربازی بەئەفسەرانی هێزە چەکدارەکانی هەرێم و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو دەرکردن و خانەنشینیشیان بەپێی یاسا رەچاوکراوەکان.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

هەژدەم: بەخشینی نیشان و مەدالیا بەپێی یاسا.

**مادەی یازدەم:**

مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم بەپێی یاسا دیار دەکرێ.

**ماددەی دوازدەم:**

سەرۆکایەتی هەرێم دیوانێکی دەبێ و، پێکهاتەو ئەرکەکانی بەیاسا دیار دەکرێت.

**ماددەی سیازدەم:**

١–سەرۆکی هەرێم فەرماندارى گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ـ عێراقە.

٢–سەرۆکی هەرێم جێگرێك بۆ فەرماندارى گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ـ عێراق دادەمەزرێنێ تا لە ئەرکوفرمانەکانیدا لەم رووەوە یاریدەی بداو، لەدیارنەبوونیدا جێگای بگرێتەوە.

**ماددەی چواردەم:**

لەحاڵەتی دیارنەبوونی سەرۆکی هەرێمدا لەبەر هەر هۆیەك دەبێ، ببێ، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەجیاتی ئەو، ئەرکوفرمانەکانی لەئەستۆ دەگرێ.

**ماددەی پازدەم:**

ئەگەر پلەو پایەی سەرۆکی هەرێم، لەبەر هەر هۆیەك چۆڵ بوو سەرۆکی ئەنجمەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق ئەرك و فرمانەکانی هەڵدەسورێنێ تا لە ماوەی (٦٠) شەست رۆژ دا ـ لە رۆژی چۆڵ بوونی پلەو پایەکەوە ـ سەرۆکێکی نوێ هەڵدەبژێردرێ.

**ماددەی شازدەم:**

ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم، لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا، بەبڕیارێ لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق کۆتایی پێ دەهێندرێ:

١–ئەگەر سەرۆکی هەرێم خۆی داوای ئەوە بکات.

٢–نەتوانێ، لەبەر هەر هۆیەك بێت، ئەرکوفرمانەکەی هەڵسوورێنێ.

٣– بەلای کەمەوە ($\frac{3}{4}$) ی ئەندامانی ئەنجومەنینیشتمانی کوردستان ـ عێراق، لە دەنگدانێکی نهێنیدا، لە متمانەی بخەن.

## بەشی پێنجەم

## حوکمە گواستنەوەییەکان

**ماددەی حەڤدەهەم:**

بەدەر لە حوکمی ماددەی دووەمی ئەم یاسایە:

سەرۆکی هەرێم، لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراقەوە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامەکانی هەڵدەبژێردرێت بۆ (ویلایەتی) یەکەم.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی هەژدەم:**

یاسـای ژمـارە (٢)ی سـاڵی ١٩٩٢ (یاسـای هەڵبـژاردنی رابـەری بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی كوردی) و، یاسای ژمارە (١٠) ساڵی ١٩٩٧ ی هەمواركراو هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی نۆزدەم:**

پێویستە لەسـەر ئەنجومـەنی وەزیـران و لایەنـە پەیوەندیـدارەكان كـار بـە حوكمـەكانی ئـەم یاسایە بكەن.

**مادەی بیستەم:**

ئـەم یاسـایە لـە رۆژ دەرچـوونیەوە كـاری پێـدەكرێ و لـە رۆژنامـەی رەسمـی (وەقـایعی كوردستان) دا بڵاودەكرێتەوە.

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان ـ عێراق**

### هۆی دانانی ئەم یاسایە

لەبەرئەوەی لە هەر سیستەمێكی سیاسیدا سەرۆكێك هەیە یـەكێتی گـەل و وولات بەرجەسـتە دەكات و بەناوی ئەوەوە لەسەر ئاستی سیاسـی و نێودەوڵـەتی دەدوێـت و وەك سـەرۆكی بـاڵای راپەڕانـدن چـاودێریی بەرژەوەندییـەكانی هاووڵاتیـان دەكـات و پاڵپـشتێكی سـەرەكیە بـۆ سەقامگیری باری سیاسی و پێشكەوتنی كۆمەڵگا، لەبەر ئـەوەش كـە بـاری نـاوخۆی پێـشوو لـە كوردسـتاندا رێـك و لـەبار نـەبوو، بـۆ تـەواوكردنی پرۆسـەی هەڵبـژاردنی (رابـەری بزوتنـەوەی رزگاریخوازی كوردی) بەپێی یاسای ژمارە (٢) ی سـاڵی (١٩٩٢)، كەئێـستا بـە پایـەی سـەرۆكی هەرێم ناودەبرێ، دوا جار پێویستی كرد بە یاسای ژمـارە (١٠) ی سـاڵی (١٩٩٧) دەسـەڵاتەكانی دابەش بكرێت بەسەر سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان ـ عێراق و سەرۆكی ئەنجومـەنی وەزیرانی هەرێمدا، لەبەر ئەو گۆڕانكارییە گرنگانەش كە لە عێراقدا روویاندا لە ئـەنجامی روخـانی رژێمی سەددام حوسێنی دیكتاتۆرو دەرچواندنی (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە) كە سیستەمی فیدراڵی بۆ عێـراق چەسپاندو، سـەركەوتنی هەڵبژاردنـە گشتییەكان

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

لەعێراقدا کە بووە هۆی پێکهێنانی یەکەم کۆمەڵەی نیشتمانی هەڵبـژێردراوی عێـراق و بەشـداری کردنی کورد لە دەسەڵاتە فیدراڵیەکاندا تا دەگاتە سەرۆکایەتی کۆماریش و، لەبەرئەوەی قۆناغی داهاتوو پێویـست دەکـات هەڵوێـست و تواناکـان یـەك بخـرێن بـۆ بـەدیهێنانی ویـستەکانی گـەلی کوردستان ـ عێراق لە ئازادی و دیموکراسی و فیدراڵی دا، بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ١**

**مێژووی بڕیار: ٢٠٠٥/٦/٤**

## بڕیار

پشت بەستن بە حوکمی مادەی (٤٨) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق، لەدانیشتنی دەستپێکی خولی هەڵبژاردنی دووەمیدا کە لە مێژووی (٢٠٠٥/٦/٤) ی بەسترا، ئەم بڕیارەی خوارەوەی‌دا:

یەکەم: هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-عدنان رشاد محمد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن

٢-محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆکی ئەنجومەن

٣-فرست احمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن

دووەم: ئەم بڕیارە لە مێژووی هەڵبژاردن لە ٢٠٠٥/٦/٤ کاری پێ دەکرێت.

سێیەم:

ئەم بڕیارە لە رۆژنامەی رەسمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی ـ عێراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە ناوى خواى بەخشندەو ميهرەبان**
**بەناوى گەلەوە**
**ئە نجومەنى نيشتمانيى كوردستانى عيراق**
**ژمارەى بڕيار: ٢**
**مێژووى بڕيار: ٢٠٠٥/٦/٥**

## بڕيار

پشت بەستن بە حوكمى مادەى (٣٨) لە پێڕۆى ناوخۆى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستانى - عێراق ژمارە (١)ى ساڵى ١٩٩٢ ى هەمواركراوو، بڕيارى ژمارە (٣) لە رۆژى ٢٠٠١/٤/١٢، ئەنجومەن لەدانيشتنى يەكەمى خولى هەڵبژاردنى دووەميدا كە لە مێژووى (٢٠٠٥/٦/٥) ى بەسترا، ئەم بڕيارەى خوارەوەىدا:

يەكەم:

ليژنەى كاروبارى ياسايى پێك دێت لە ئەندامانى ئەنجومەن كە ناويان لەخوارەوە هاتووە:

١-بەڕێز شيروان ناصح الحيدرى
٢-بەڕێز عونى كمال بزاز
٣-بەڕێز عبدالكريم ابوبكر
٤-بەڕێز د. نورى جميل طالباني
٥-بەڕێز خليل ابراهيم محمد
٦-بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا)
٧-بەڕێز خەمان زرار اسعد
٨-بەڕێز دلير محمد شريف
٩-بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز
١٠-بەڕێز محمد صالح أسماعيل

دووەم:

ئەندامانى ليژنە سەرۆك و جێگرو بڕياردەر هەڵدەبژێرن.

سێيەم:

ئەم بڕيارە لە مێژووى ٢٠٠٥/٦/٥ جێبەجێ دەكرێ.

چوارەم:

ئەم بڕيارە لە رۆژنامەى رەسمى (وەقايعى كوردستان)دا بڵاودەكرێتەوە.

**عدنان رشاد مفتى**
**سەرۆكى ئە نجومەنى نيشتمانيى**
**كوردستانى ـ عێراق**

ئـــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٣**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٠٥/٦/١٢**

## بڕیار

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، بڕگە (١)ی ماددەی دوازدەو، ماددەی حەڤدە لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عیراق لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٥/٦/١٢)یدا ئەمەی خوارەوەی بڕیاردا::

یەکەم:

هەڵبژاردنی رێزدار (مەسعود مستەفا بارزانی) بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی - عێراق.

دووەم:

ئەم بڕیارە لە رۆژی (٢٠٠٥/٦/١٢)ـەوە کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی رەسمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی - عێراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی**
**مێژوو/ ٢٠٠٥/٢/٢١**

## بەیان ژمارە (٢)

١) لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و ڕێکخستنی ئیش و کارەکانی کارگێڕی خۆیەتی و کارگێڕی خزمەتگوزاری. بڕیارماندا کە (بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان ببێتە (٢) دوو بەڕێوەبەرایەتی بەو شێوەی خوارەوە:

أ-بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی خۆیەتی.

ب-بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی خزمەتگوزارییەکان.

٢) ئەو (بەیان)ە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت.

**ازاد عزالدین ملا أفندی**
**وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری**
**٢٠٠٥/٢/٢١**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**ڕێکەوت: ٢٠٠٥/٣/٢**

## بەیان ژمارە (١)

نیشانە بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە نهێنی (٨٥٦ لە ٢٠٠٥/٢/٢٦)

دوا بەدوای فەرمانمان ژمارە (١٠٧٥١ لە ٢٠٠٤/١٠/٢٦) و نووسراومان ژمارە (٥٩٥ لە ٢٠٠٥/١/١٧).

بڕیاردرا بە بەستنەوەی ئەو گوندانەی ناویان لەخوارەوە هاتووە بەناحیەی ڕزگاری سەر بە قەزای خەبات.

| | |
|---|---|
| ١-خرابەدراو | کەرتی ٥١. |
| ٢-سەیدان | کەرتی ٥٢. |
| ٣-مامەلوك | کەرتی ٦٩. |

**د. محمد احسان**
**وەزیری ناوخۆ بە وەکالەت**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی داد**
**بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی**
**بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەكان**
**ڕێكەوت/ ٢٠٠٥/٤/١٣**

## بەیان ژمارە ( ٦ )

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەلاتەی بەپێی برگە (٢) لە ماددەی حەوتەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو پێمان دراوە، بڕیارماندا بەكردنەوەی:

– فەرمانگەی دووەمی دادنووسی هەولێر.

**هادی عەلی**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی**
**مێژوو/ ٢٠٠٥/٤/١٧**

## بەیان ژمارە ( ١ )

لەبەربەرژەوەندی گشتی و پشت بەو دەسەلاتەی كە بەپێ ی برگەی (٢) لە مادەی چوارەم لە یاسای وەزارەتی دارایی ژمارە (١٣) ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو پێماندراوە بڕیارماندا بە:
جیاكردنەوەی جێگرایەتی گومرگی زاخۆ لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل و كردنی بە بەڕێوەبەرایەتی.

**سركیس ئاغاجان مامەندۆ**
**وەزیری دارایی و ئابوری**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی داد**
**بەڕێوبەرایەتی دادی گشتی**
**بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان**
**رێکەوت/٢٠٠٥/٥/٢٦**

**بەیان ژمارە ( ٧ )**

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی بەپێی مادە (١٨) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە ١٤ ساڵی ١٩٩٢ پێمان دراوە بڕیارماندا بەکردنەوەی دادگای بەرایی ڕەواندوز لەناوەندی ناحیەی ڕەواندوز.

**هادی عەلی**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی**
**مێژوو/ ٢٠٠٥/٦/١٣**

**بەیان ژمارە ( ٢ )**

لەبەربەرژەوەندی گشتی و پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگەی (٢) لە مادەی چوارەم لە یاسای وەزارەتی دارایی ژمارە (١٣) ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو پێمان دراوە بڕیارماندا بە:
–کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەرێم.

**سرکیس ئاغاجان مامەندۆ**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری**
**بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی**
**مێژوو/ ٢٠٠٥/٦/٢١**

## بەیان ژمارە (٣)

لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و بەرفراوان بوونی کارەکانی (لقی کشتوکاڵی ئاکرێ)ی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای دهۆك و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی بەجوتیارانی ئەو دەڤەرە.

پاڵپشت بە برگە ٢ لە مادە / ٢ لە یاسای ژمارە/ ١٠ ی ساڵی / ٢٠٠٠ (یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای وەزارەتمان ژمارە / ١٠ ی ساڵی / ١٩٩٢) بڕیارماندا بە:

١) کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ئاکرێ) لەجیاتی (لقی کشتوکاڵی ئاکرێ).
٢) ئەو بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت.

**ازاد عزالدين ملا أفندى**
**وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری**

---

**وەزارەتی داد**
**بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی**
**بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان**
**ڕێکەوت/٢٠٠٥/٦/٣٠**

## بەیان ژمارە (٨)

پشت بە حوکمی مادده /٧ لە یاسای دەسەلاتی دادوەری ژمارە / ١٤ ساڵی ١٩٩٢ بڕیارماندا:

یەکەم :

ووچانی دادگاکان لە هەرێمی کوردستانی عێرا ق لە ٢٠٠٥/٧/١ دەست پێ دەکات تا ٢٠٠٥٠/٩/١

دووەم :

ئەو کێشە پەیوەندارانەی کاروباری شارستانی و بازرگانی و باری کەسینەی خوارەوە بە کێشە و داوای بە پەلە دادەنرێن :

أ—لێوەرکرتنی داوانامە ( عريضة الدعوى ) وگلدانەوەی سەرەتایی ( الحجز الاحتياط ) وپێراگەیاندنی یاسایی ٠

ب—ئەو کێشە و پرسە بە پەلانەی دەروازەی دەیەم لە کتێبی یەکەمی یاسای دادبینی شارستانی ژمارە /٨٣ ی ساڵی ١٩٦٩ دیاری کردوون ٠

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

ت–ئەو داوایانەی گلدانەوەی سەرەتایی تێدایە یا داوای بە دواخستنی جێبە جێکردنی بڕیارێك یا مامەڵەیەکی تێدا دەکات ٠

پ–داوای میری بۆ موڵك لێسەندن (استملاك) ٠

ج–ئەو داوایانەی داوالێکراو قەدەغە دەکرێت لە چوونە دەرەوەی هەرێم ٠

ح–داوای پەرپووت بوون (افلاس) وهەر داوایەکی تری لێبکەوێتەوە ٠

خ–داوای هەڵگرتنەوە ولێك کرینەوە (شفعة) وپاکتاوکردنی وەقف و چۆڵکردنی بەکرێدراو ٠

د–داواکانی تایبەت بە مافەکانی ئاودان ورێگەی جۆگەلە وسوولاوکە و هاتووچوون (حقوق السقی والمجری والمسیل والمرور ) ٠

ژ–داوای پاکتاوکردنی کۆمپانیا و ئەو داوایانەی لێی دەبنەوە ٠

ر–داواکانی راستکردنەوەی تەمەن وناو نازناو ٠

ز–ئەو داوایانەی فەرمانگەی رەسمی یا نیمچە رەسمی ودەسگا وبەرژەوەندی کۆمپانیا گشتییەکان تێدا لایەنن ٠

س–داواکردنی خەرجی بژێو (نفقة) ودایەنی (حضانة) ودیتنی منداڵ ورەچەڵەك (نسب)٠

ش–داوای سەلماندنی پێگەیشتوویی لێهاتوویی (اثبات الرشد ) ٠

ص–داواکانی لادانی سەرکار (قیم) و پێسپێردراو (وصی) ٠

چ–داواکانی دابەشکردنی میرات وئەو مامەلآنەی لێیان دەکەونەوە ٠

گ– ئەو داوایە یاسایەك بە داوای بەپەلەی دانابێت ٠

سێیەم /

جگە لەو داواو کێشانەی لە برگەی یەکەمی ئەم رێنماییەدا هاتوون ، دادگا بۆی هەیە داوا لە ماوەی ووچانی دادگاکان ببینێت ئەگەر :

أ–بۆ دادگا دەرکەوت لە دواخستنی داواکە زیان دەکەوێتەوە ٠

ب–هەر دوو لایەنی داواکە داوای دادبینی یان لە کاتی ووچانی دادگاکان بکەن.

ت–داواکە گەیشتبووە قۆناغی کۆتایی.

چوارەم/

فەرمانگەکانی تری سەر بە وەزارەتی داد لە کاروباری ئاسایی خۆیان لەکاتی ووچانی دادگاکان بەردەوام دەبن.

**هادی علی**

**وەزیری داد**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەشی کاروباری یاسایی**
**مێژوو/ ٢٠٠٥/٦/١٣**

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی٢٠٠٥ بۆ هاوکاریکردنی پرۆژەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی

پشت بەستن بە برگەکانی هەردوو مادەی (٣و١٤) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلأیەتی ژمارە(٣٤)لە ساڵی ٢٠٠٤ ئەو ڕینماییانەی خوارەوە دەردەکەین

یەکەم : پێدانی قەرزی سوك بۆ هاوکاری پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی بچوك ،بەئامانجی دەستە بەر کردنی داهاتی خێزانە هەژارەکان ،کە گیرۆدەی گیروگرفتی کۆمەلأیەتین ،بۆ ئەوەی دەستی هاولأتیان بگیرێ و هاوکاریان بکرێت تا ئاستی ئابوری و کۆمەلأیەتی یان ،بەرز بکەنەوە و بەشداری بکەن لە پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەلأیەتی٠

**دووەم:** ئەوانەی قەرزی دەیانگرێتەوە ٠

١–کرێکارەکانی بواری خزمەت گوزاری پیشەسازی

٢–ئەو خێزانە هەژارانەی کەپرۆژەی کارو پیشەگەریان هەیە ٠

٣–دەرچوانی ناوەندەکانی ڕاهێنان وشیاندنی پیشەیی ،هەروەها دەرچووانی ئامادەییە پیشەسازی وکشتوکاڵیەکان وپەیمانگاکانی تەکنیکی لە تایبەتمەندە پیشەییەکان ٠

٤–پرۆژە کشتوکاڵیەکان کەبەشداری دەکەن لە ئاوەدانکردنەوە وپەرەپێدانی گوندەکان وبەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی وکۆمەلأیەتی خێزانەکان ٠

٥–پرۆژەکانی گەشتوگوزار بۆ ئەوکەسانەی کە خاوەنی پێگەی گەشتوگوزارن ٠

**سێهەم** : مەرجەکانی قەرزپێدان:

١–ڕێکخستنی گرێبەست لە گەل ئەوانەی کە قەرز وەردەگرن ،بەومەرجانەی کە وەزارەت دایان دەنێت ٠

٢–هەبوونی دەستە بەرێك (کفیل ) لەلایەن ئەو کەسەی کەقەرزەکە وەردەگرێت و پەسەند بکرێت لەلای دادنووس٠

٢–دانانی هێمای گلدانەوەی دڵنیابوون لە سەرپرۆژەکە ٠

**چوارەم** : أ: چۆنیەتی قەرزدان وبڕی قەرزەکە ٠

١–بەرزترین ئاستی قەرز (١٠٠٠٠$) دەهەزاردۆلارە٠

٢–سودی قەرزەکە بەشێوەیەکی یاسایی ڕیژەکەی ٣٪یە لە کۆی بەهای قەرزەکە ٠

٣–داشکاندنی سودی یاسای لە پێشەکیدا واتە لەکاتی وەرگرتنی قەرزەکە٠

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٤–ئەو خێزانەی پڕۆژەی قەرزی بچوك دەیگرێتەوە ، تەنها یەك جار مافی هەیە سودمەندبێت وبۆتەنها یەك حاڵەتێش ٠

ب: چۆنێتی گەڕانەوەی قەرز (الجباية ) :

١–ماوەی گەڕانەوەی قەرزەکە چوارساڵە یاخود بە چوار قستی یەکسانی ساڵانە ٠

٢–قستی یەکەم دەست پێدەکات دوای تێپەڕبوونی ساڵێك ، لە ڕێکەوتی پێدانی قەرزەکە ٠

٣– سەپاندنی (سودی دواکەوتن ) بەڕێژەی ٥٪ لەسەر قستی ساڵانە لە حاڵەتی نەگەڕانەوەی لە کاتی دیاریکراودا ٠

٤–وەزارەت مـافی خۆیـەتی فرۆشـتنی پڕۆژەکـە بخاتـە زیـادکردنی ئاشـکراوە لـەکاتی پابەندنەبونی ئەوکەسەی قەرزەکەی وەرگرتووە ،بەدانی ئـەوپاژە (قسط) ەی ،کە لەسـەریەتی ،لە کاتی نەبوونی ڕێگە چارەی تر ٠

٥– لە کاتی هەڵسانی قەرز وەرگر (قەرزار ) بەپێدانی تەواوی قەرزەکان یان بەشێکی کەماوە لە ئەستۆی، بەیەك جار (یەك پێدان )،پێش کۆتـای هـاتنی مـاوەی دیاریکراوبەشـێوەی کـە ئـەو ماوەیەیی کەماوە لەدووساڵ کەمترنەبێت ، سودی یاسایی بۆ

دەگەڕێندرێتـەوە کەلەپێـشدا لێـی گێڕدراوەتـەوە ، ماوەکـەی کـە دەمێنێتـەوە لـە مـاوەی قەرزەکە دەبێتە هاندەرێك بۆ دانەوەی قەرزەکان ٠

**پێنجەم**: بەپشت بەستن بەمادەی پێـنج لـەو یاسـایە ، بەڕێوەبەرایـەتی گشتی گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتی هەڵدەستێت بەئەرکەکان و جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییانە ٠

**شەشەم** : ئەو ڕێنماییانە جێبەجێدەکرێت لە ڕێکـەوتی بڵاوکردنـەوەی لـە ڕۆژنامـەی وەقـایعی کوردستان.

**دکتۆر جمال عبدالحميد**
**وەزیری کارو کاروبـاری کۆمەڵایەتی بە وەکالەت**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطنى لكوردستان – العراق**
**رقم الاصدار : ١**
**تاريخ الاصدار : ٢٠٠٥/٦/٨**

استنادا لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) والمادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني – العراق ، وما شرعه المجلس بجلسته المرقمة (٣) والمنعقدة بتاريخ ٢٠٠٥/٦/٧ وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة الثانية من القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧ قررنا اصدار القانون الآتي :

## قانون رقم (١) لسنة ٢٠٠٥
## قانون رئاسة اقليم كوردستان – العراق
## الفصل الاول
## احكام عامة

**المادة الاولى :**

يكون لاقليم كوردستان – العراق رئيسا يسمى ( رئيس اقليم كوردستان – العراق ) وهو الرئيس الأعلى للسلطة التنفيذية في الاقليم.

**المادة الثانية :**

ينتخب مواطنو كوردستان – العراق بالاقتراع العام السري المباشر رئيساً للاقليم يمثلهم ويتحدث باسمهم على الصعيدين الداخلي والخارجي ويتولى التنسيق بين السلطات الاتحادية وسلطات الاقليم ٠

**المادة الثالثة :**

تكون ولاية رئيس الاقليم اربع سنوات ويجوز اعادة انتخابه لولاية ثانية ٠

**المادة الرابعة :**

يجرى الاقتراع لانتخاب رئيس الاقليم فى موعد انتخاب المجلس الوطنى لكوردستان – العراق على ان لا يتعارض مع حكم المادة الثالثة من هذه القانون ولا ينتقص من المدة المحددة لولايته٠

## الفصل الثاني
## شروط المرشح والناخب

**المادة الخامسة :**

يشترط فى المرشح ما يلي :

١–ان لا يقل عمره عن اربعين سنة عند الانتخاب ٠

٢–ان يكون من مواطني كوردستان – العراق وساكناً فيها ٠

ئـــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقـــايعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٣–ان يكون متمتعاً بحقوقه المدنية والسياسية ٠

**المادة السادسة :**

يشترط في الناخب الشروط الواردة في القانون انتخاب المجلس الوطنى لكوردستان – العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ٠

## الفصل الثالث
## الترشيح والانتخاب

**المادة السابعة :**

١–يقدم طلب الترشيح الى الهيئة العليا المشرفة على انتخابات المجلس الوطني لكوردستان – العراق قبل موعد اجرائها بما لا يقل عن ثلاثين يوماً٠

٢–على الهيئة العليا البت في طلب الترشيح وإعلانه خلال مدة اربعة ايام من تاريخ تقديمه ٠

٣–للمرشح حق الاعتراض على قرار الرفض امام محكمة تمييز اقليم كوردستان خلال سبعة ايام من تاريخ صدور القرار٠

٤–تصدر المحكمة قراراً باتاً فى الاعتراض وتعلنه خلال مدة يومين من تاريخ تقديمه الى المحكمة ويعتبر المرشح مبلغاً من تاريخ صدوره ٠

٥–تعلن الهيئة العليا اسماء المرشحين قبل موعد الانتخاب بما لايقل عن خمسة عشر يوماً٠

**المادة الثامنة :**

يعتبر فائزاً في الانتخابات من حاز على الاكثرية البسيطة من اصوات المقترعين ٠

## الفصل الرابع
## مهام وصلاحيات رئيس الاقليم

**المادة التاسعة :**

يؤدي رئيس الاقليم بعد انتخابه وقبل مباشرة مهامه اليمين التالية امام المجلس الوطني لكوردستان – العراق خلال مدة سبعة ايام من تاريخ انتخابه :

( اقسم بالله العظيم بان أحافظ على حقوق ومكتسبات ووحدة ومصالح مواطني اقليم كوردستان وان اؤدي مهامي بصدق واخلاص )٠

**المادة العاشرة :**

يمارس رئيس الاقليم الاختصاصات والصلاحيات التالية :

أولاً : اصدار القوانين التى يسنها المجلس الوطني للاقليم خلال عشرة ايام من تاريخ سنها وله حق الاعتراض عليها كليا او جزئياً وإعادتها الى المجلس لإعادة النظر فيها ويكون قرار المجلس بشأنها نهائياً٠

ثانياً : اصدار مرسوم بإجراء الانتخابات العامة المجلس الوطني للاقليم في حالة حله او انتهاء مدة دورته الانتخابية خلال خمسة عشر يوماً٠

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

ثالثاً : اصدار مرسوم دعوة المجلس الوطني للاقليم الى دورة الانعقاد الاولى للدورة الانتخابية خلال (عشرة ايام ) من تاريخ اعلان النتائج النهائية وفي حالة عدم صدور الدعوة اليه يجتمع المجلس تلقائياً في اليوم التالي من انتهاء المدة المذكورة ٠

رابعاً : حل المجلس الوطني لكوردستان — العراق بمرسوم في الحالات التالية :

١—اذا استقال اكثر من نصف عدد أعضائه٠

٢—اذا لم يتم النصاب القانوني لانعقاده خلال خمسة واربعين يوماً من تاريخ دعوته للانعقاد لدورة الانتخابية.

٣—اذا لم يمنح المجلس الثقة بمجلس الوزراء لثلاث تشكيلات وزارية مختلفة ومتتالية.

٤—اذا تم تغيير النظام الانتخابي للمجلس وكانت المدة المتبقية لدورته الانتخابية ستة اشهر فأقل٠

خامساً : اصدار قرارات لها قوة القانون بعد التشاور والاتفاق مع رئيس المجلس الوطني ومجلس الوزراء للاقليم وذلك عند تعرض اقليم كوردستان ونظامه السياسي او الامن العام فيه او مؤسساته الدستورية لمخاطر داهمة تهدد كيانه وتعذر اجتماع المجلس الوطني على ان تعرض تلك القرارات على المجلس الوطني للاقليم عند اول اجتماع له فان لم تعرض عليه او عرضت ولم يقرها المجلس زالت عنها الصفة القانونية.

سادساً :

العفو الخاص عن المحكومين بموجب القانون ٠

سابعاً:

المصادقة على احكام الاعدام او تخفيفها الى السجن المؤبد ٠

ثامناً :

اعلان حالة الطوارئ بموجب قانون خاص.

تاسعاً :

دعوة مجلس الوزراء الى الاجتماع بشكل اضطرارى عند الاقتضاء ومناقشة المسائل المحددة التي يعقد الاجتماع من اجلها وترؤسه هذا الاجتماع ٠

عاشراً:

السماح بدخول قوات مسلحة اتحادية الى الاقليم عند الاقتضاء بموافقة المجلس الوطني للاقليم٠

حادي عشر :

لرئيس الاقليم تحريك قوات البيشمەرگه الى خارج الاقليم بموافقة المجلس الوطني لكوردستان — العراق٠

ثاني عشر :

تكليف رئيس الوزراء بعد تسميته من قبل المجلس الوطني لكوردستان — العراق بتشكيل الوزاراة وذلك خلال مدة ثلاثين يوما من تاريخ تكليفه٠

ثالث عشر :

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

اصدار مرسوم بقبول استقالة مجلس الوزراء او الوزير عند سحب الثقة من اي منهما ٠

رابع عشر :

اصـدار مرسـوم بقبـول اسـتقالة مجلـس الـوزراء او الـوزير وتكلـيفهم للاسـتمرار بمهـامهم لحـين تشكيل الوزراء الجديدة ٠

خامس عشر :

تعيين اصحاب الدرجات الخاصة بناءاً على ترشيح الوزير المختص وموافقة مجلس الوزراء ٠

سادس عشر :

تعيين الحكام ورئيس واعضاء الادعاء العام بعد ترشيحهم من قبل مجلس قضاء الاقليم ٠

سابع عشر :

منح الرتب العسكرية لضباط القوات المسلحة للاقلـيم وقـوى الامـن الـداخلي وطـردهم وإحـالتهم على التقاعد وفق القوانين المرعية.

ثامن عشر :

منح الاوسمة و الانواط بموجب القانون ٠

**المادة الحادية عشرة :**

يحدد راتب ومخصصات رئيس الاقليم بقانون ٠

**المادة الثانية عشرة :**

يكون لرئاسة الاقليم ديوان تعين تشكيلاته وواجباته بقانون٠

**المادة الثالثة عشرة :**

١–رئيس الاقليم هو القائد العام لقوات پيشمەرگە اقليم كوردستان – العراق ٠

٢–يعين رئيس الاقليم نائباً للقائد العام لقوات پيشمەرگە اقليم كوردستان – العـراق ليـساعده فى اداء مهامه بهذا الخصوص ويحل محله عند غيابه ٠

**المادة الرابعة عشرة :**

في حالة غياب رئيس الاقليم لاى سبب كان يتولى رئيس مجلس الوزراء مهامه وكالةً.

**المادة الخامسة عشرة:**

إذا شغر منصب رئيس الاقليم لأي سبب كان يقوم بمهامه رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق لحين انتخاب رئيس جديد خلال ستين يوماً من تاريخ شغور المنصب.

**المادة السادسة عشرة:**

تنهي مدة رئاسة رئيس الاقليم بقرار من المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق في الحالات الآتية:

١–إذا طلب رئيس الاقليم ذلك.

٢–عجزه عن القيام بمهام واجباته لأي سبب كان.

ئــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٣-سحب الثقة منه بموافقة ما لا يقل عن ($\frac{٣}{٤}$) من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق وباقتراع سري.

## الفصل الخامس
## أحكام انتقالية

**المادة السابعة عشرة:**

يتم انتخاب رئيس الاقليم للولاية الأولى من قبل المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق وبأغلبية اعضائه استثناءاً من حكم المادة الثانية من هذا القانون.

**المادة الثامنة عشرة:**

يلغى القانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ (قانون انتخاب قائد الحركة التحررية الكوردية) والقانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧ المعدل.

**المادة التاسعة عشرة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة العشرون:**

ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**عدنان رشاد المفتي**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

## الأسباب الموجبة

بما أن لكل نظام سياسي رئيس يجسد وحدة الشعب والوطن ويتحدث بإسمه في المحافل السياسية والدولية ويرعى مصالح المواطنين باعتباره رئيساً اعلى للسلطة التنفيذية ويعتبر دعامة أساسية لاستقرار الوضع السياسي وتقدم المجتمع، وحيث أن الظروف الداخلية السابقة لم تكن مهيأة ومواتية لاستكمال عملية انتخاب قائد الحركة التحررية الكوردية بموجب القانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ والذي كان بديلاً لمنصب رئيس الاقليم في حينه مما إستوجب اصدار القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧ لاحقاً وتوزيع صلاحياته بين رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق ورئيس مجلس وزراء الاقليم، ونظراً للتطورات السياسية الكبيرة التي طرأت على أوضاع العراق بعد سقوط نظام الطاغية (صدام حسين) وإقرار الفيدرالية كنظام سياسي في قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية ونجاح الانتخابات العامة في العراق في تشكيل اول جمعية وطنية عراقية منتخبة ومشاركة الكورد في السلطات الاتحادية بما فيها رئاسة الجمهورية، وبما أن المرحلة القادمة تتطلب توحيد الموقف والجهد لتحقيق طموحات شعب كوردستان ـ العراق في الحرية والديمقراطية والفيدرالية مما اقتضى تشريع هذا القانون.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**
**رقم القرار: ١**
**تاريخ القرار: ٢٠٠٥/٦/٤**

## قرار

استناداً لحكم المادة (٤٨) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، قرر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق في جلسته الافتتاحية للدورة الانتخابية الثانية المنعقدة بتاريخ ٢٠٠٥/٦/٤ مايلي:

اولاً: انتخاب رئيس وأعضاء هيئة رئاسة المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق على الشكل التالي:

١–عدنان رشاد محمد المفتي رئيساً للمجلس
٢–محمد قادر عبدالله (د. كمال كركوكي) نائباً لرئيس المجلس
٣–فرست احمد عبدالله سكرتيراً للمجلس

ثانياً: يعتبر القرار نافذاً من تاريخ الانتخاب في ٢٠٠٥/٦/٤.

ثالثاً: ينشر القرار في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**عدنان رشاد المفتي**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان - العراق**
**رقم القرار: ٢**
**تاريخ القرار: ٢٠٠٥/٦/٥**

## قرار

استناداً لحكم المادة (٣٨) من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل والقرار (٣) في ٢٠٠١/٤/١٢، قرر المجلس في جلسته المنعقدة بتاريخ ٢٠٠٥/٦/٥ مايلي:

اولاً: تتشكل لجنة الشؤون القانونية من أعضاء المجلس المدرجة اسماءهم أدناه:

١–السيد شيروان ناصح الحيدري
٢–السيد عوني كمال بزاز
٣–السيد عبدالكريم ابوبكر
٤–السيد د. نوري جميل طالباني
٥–السيد خليل ابراهيم محمد
٦–السيد قادر سعيد خضر (زانا)
٧–الانسة خةمان زرار اسعد
٨–السيد دلير محمد شريف
٩–السيد طارق محمد سعيد جامباز
١٠–السيد محمد صالح أسماعيل

ثانياً: على اعضاء اللجنة اختيار رئيس لها ونائباً للرئيس ومقرراً
ثالثاً: يعتبر هذا القرار نافذاً من تاريخ ٢٠٠٥/٦/٥.
رابعاً: ينشر القرار في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**عدنان رشاد المفتي**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

ئـــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان - العراق**
**رقم القرار: ٣**
**تاريخ القرار: ٢٠٠٥/٦/١٢**

## قرار

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، والفقرة (١) من المادة الثالثة عشرة والمادة السابعة عشرة من القانون رقم (١) لسنة ٢٠٠٥، قرر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق، بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٠٠٥/٦/١٢ مايلي:

اولاً:

انتخاب السيد مسعود مصطفى البارزاني رئيساً لاقليم كوردستان ـ العراق.

ثانياً:

يعتبر هذا القرار نافذاً من تاريخ ٢٠٠٥/٦/١٢ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**عدنان رشاد المفتي**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

اقليم كوردستان العراق
رئاسة مجلس الوزارء
التاريخ/ ٢٠٠٤/١٢/٣٠

## تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٠٤
## الخاص بالقانون رقم (٣٦) لسنة ٢٠٠٤ قانون
## تقاعد اصحاب الوظائف العليا في اقليم كوردستان

بغية تسهيل تفيذ احكام القانون رقم (٣٦) لسنة ٢٠٠٤ اصدرنا التعليمات التالية:
اولا: يحال المشمولون بالقانون رقم ٣٦ لسنة ٢٠٠٤ في الحالات التالية.
١–في حالة بلوغه السن القانوني الوارد بالمادة الثانية من القانون اعلاه.
٢–في حالة تقديمه الطلب الاختياري لمن امضى في خدمته الوظيفية المدة القانونية المحددة بالقوانين التي تحكم خدماته (الخدمة المدنية ـ قوى الامن الداخلي ـ البيشمرگه).
٣–في حالة الفصل والعزل لا يحرم من الحقوق التقاعدية ما لم يكن مشمولاً بالمادة الثامنة من القانون اعلاه.
ثانياً: يستحق المحال على التقاعد نسبة (٧٥٪) من راتبه ومخصصاته في الحالات التالية.
١–اذا اكمل مدة خمس سنوات في احدى الوظائف المشمولة بالقانون اعلاه.
٢–اذا توفي وكان يحمل احد العناوين الوظيفية المشمولة بالقانون.
٣–اذا احيل على التقاعد لسبب مرض لازمة وبتقرير من لجنة طبية يؤيد عدم كفاءته ولياقته للاستمرار بالوظيفة.
٤–اذا اختار الراتب التقاعد بموجب هذا القانون عند سريان قانون اخر على حالته.
ثالثاً: يحرم من الحقوق التقاعدية ، عند الحكم عليه من قبل محكمة كوردستانية (محاكم اقليم كوردستان ـ العراق) في حالات التالية.
١–ادانته بارتكاب جريمة ماسة بامن الاقليم أو الاقتصاد الوطني.
٢–ادانته بجناية أو بجنحة مخلة بالشرف.
٣–ادانته بالتعاون مع اية جهة بقصد الاضرار بمصلحة الاقليم.
رابعاً: تقدم الاعتراضات في كل مايتعلق بالحقوق التقاعدية وفق احكام قانون التقاعد المدني لكافة المشمولين بالقانون.
خامساً:
١–تسري احكام القانون اعلاه على المحالين على التقاعد بعد ١٩٩٢/٧/٥ من المشمولين باحكامه.
٢–تسري احكام هذا القانون على المشمولين بالخدمة من الذين تجاوزو السن القانوني او الذين اعيدوا الى الخدمة بعد تجاوزهم السن القانوني على ان يكون تعيينهم او اعادتهم قبل ٢٠٠٤/٩/٤.
٣–يعامل المشمولين بالفقرة الثانية ـ خامسا من هذه التعليمات نفس معاملة اقرانهم من الذين اكملوا السن القانوني بموجب احكام القانون المذكور في كافة الحقوق والامتيازات والتزامات.
سادساً: ينفذ هذه التعليمات من تاريخ صدوره وينشر بالجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس مجلس الوزراء**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com